### هەنگاوەکان بۆ نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی هێشتا لە سەرەتادان

ئاراس نوری ئەحمەد تەها، سیاسەتوان و چالاکی مەدەنی و کوردی دانیشتووی ئەڵمانیا، لە دەستپێکی قسەکانیدا سەبارەت بە ڕوانگەی خۆی بەرامبەر بە مافەکانی ئافرەت و نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی لە هەرێمی کوردستان دەڵێت «هەنگاوەکان بۆ دەستەبەری مافی ئافرەت و نەهێشتنی جیاوازی ڕەگەزی لە کۆمەڵگەی کوردی هێشتا لە سەرەتادان، تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش جگە وڵاتە ئەسکەندەناڤییەکان، سیاسەتکردن بۆ ژن و گەیشتنی بە پلەو پایەیەکی بەرز وزەیەکی زۆری پێویستە و ڕێگەیەکی بەردەڵانە و داوای قوربانییەکی زۆر لە ژن دەکات، لەبەر ئەوەی زۆرینەی ئەوانەی خاوەن بڕیارن، نێرینەن، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ژن لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا پێگەی خۆی هەیەو جاری واشە گەرچی بە ژمارە کەمن، بەڵام پلەی بەرزیان لە ئاستی ڕێبەرایەتیی حزب و دەسەڵاتی حکوومیدا هەیە، بەڵام ئەوە لە کوردستان بەدی ناکرێت».

ئاراس ڕایوایە «لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەپێچەوانەی کوردستان تێچووی ماددیی ئەو کۆنفرانس و هەڵمەتانەی دەیکەن، زۆر کەمترە لە ڕەنگدانەوەی و کاریگەرییە ئەرێنییەکانی، بەڵام لە کوردستان پارەیەکی زۆر و خەیاڵی لەو بوارەدا خەرج دەکرێت و کاریگەریشی لەسەر باشترکردنی مافی ژنان زۆر کەم بووە». گوتیشی «ئەوە چەندەمین کۆنفرانسە کە خانمان لە باشووری کوردستان لە دژی توندوتیژیی خێزانی و لەپێناوی مسۆگەرکردنی مافی ژنان ڕێکیدەخەن، کە تێچووی ماددی زۆر زیاترە لە کاریگەری و چاکسازییەکانی، چونکە بەلاغی کۆتایی ئەو کۆنفرانس و هەڵمەتانە چ کاریگەرییەکی لە نەهێشتن یان کەمکردنی دیاردەی نەگریسی توندوتیژیی خێزانی نەبووە و مافەکانی ژنیشی دەستەبەر نەکردووە. چونکە ئەو کەسانەی کە تەوەرەکانی خۆیان بۆ چارەسەری کێشەی ئافرەت دەخەنەڕوو، بە ناخی کێشەکان و ڕێگرییە نەریتییەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئاشنا نین، یان ئەگەر ئاشنان، ناوێرن لە بەر هۆکاری جیاوازیی نەریتی و ئایینی باسی بکەن».

شوان نافع خورشید مامۆستای زانکۆی سەلاحەدین لە کولیژی یاسا و رامیاری، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «دەستەبەری مافەکانی ژن و چارەسەرکردنی کێشەی توندوتیژی خێزانی پێویستی بە چەند هەنگاوێکی گرینگ هەیە. یەکێ لەو هەنگاوانە ئەوەیە ڕێژەی ٥٠٪ ی هەموو پۆستەکانی پارتەکان، دەوڵەت و پەرلەمانیان بۆ دابین بکرێ. هەڵبەتە ڕەنگە بگوترێ لە کوێ ئەوەندە ژنی سیاسی و لێهاتوو پەیدا بکەین؟ بەڵام کاتێك دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت، لە پیاوان کەمتر نابن. ئەوەش نەریتێك درووست دەکات کەلە کۆمەڵگەدا ڕێزی ژن بگیرێت.

دووەم، دەبێت کەمپینێکی چڕی وشیارکردنەوە دەستپێبکرێت، کە تێدا سیاسییە گەورەکان پێشەنگییەك بۆ پێناسەی خۆشەویستی و شەرەف دروست بکەن، چونکە ئەگەر توندوتیژی روو دەدات لە بەر ئەوەیە کە خەڵك هەستدەکەن شەرفیان چووە، واتە ڕەگەزی نێرینە لە کۆمەڵگەی ئێمە ئەگەر ئاشکرا کرابێت کە ڕەگەزی مێی خێزانەکەی پەیوەندیی دڵداری پەیدا کردووە. بە بیانووی شەرەف تا ئاستی کوشتنی توندوتیژی جۆراوجۆری بەرامبەر بەکار دەهێنێت، ئەم جورە هەست و بۆ چوونە دەبێت بگۆڕێت. دەبێت نەریتێکی نوێ بەرجەستە بکرێ کە توندوتیژی بەرامبەر بە ڕەگەزی مێ جێی شەرم بێت، نەك خۆشەویستی دوو گەنج بە عەیبە بزانرێ، واتە پێویستە نەریت و کەلتوورێکی تازە پەیدا بکەین کە بەگشتی شەرم لە بەکارهێنانی توندوتیژی

**بۆ مسۆگەرکردنی مافەکانی ئافرەتان پێویستە ڕێژەی ٥٠٪ی هەموو پۆستەکانی پارتەکان، دەوڵەت و پەرلەمانیان بۆ دابین بکرێت**

**هەنگاوەکان بۆ دەستەبەری مافی ئافرەت و نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی لە کۆمەڵگەی کوردی هێشتا لە سەرەتادان**

# ئافرەتان بە یاسا و چالاکیی خۆیان هەوڵی دەستەبەرکردنی مافەکانیان دەدەن



**گەرچی هەرێمی کوردستان لە پاش ڕاپەڕین و لە دوای ڕزگاربوونی لە دەستی بەعس و دامەزرانی پەرلەمان و حکومەتی کوردستان، بە دامودەزگە حزبی و حکوومی و ناحکوومییەکانەوە کۆمەڵێک چالاکی هەمەجۆر و بەرچاویان بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانی ئافرەتان ئەنجام داوە، بەڵام تا ئێستاش شارەزایانی و خانمانی چالاکوان هێما بۆ ئەوە دەکەن، کە هەنگاوەکان هێشتا لە سەرەتادان و بە پێویستی دەزانن حکومەت گرنگی زیاتر بە داهاتی ئافرەتان بدات و دەرەفەتی یەکسانیان لەگەڵ پیاو بۆ خوێندن و کارکردن بڕەخسێنێت، پەرلەمانیش بە یاسا داکۆکی لە مافی نەهێشتنی جیاوازیی ڕەگەزی بکات.**

بکرێت، هێزیش تەنها بۆ ڕێگری لە بەکارهێنانی توندوتیژی بەکار بهێندرێت».

بەڵام شـــادیە عەبدولوەهاب چالاکوانـــی کۆمەڵی مەدەنی ڕایوایـــە «ئافرەتان خۆیان لەهەوڵدان بۆ دەســـتەبەرکردنی مافەکانیان کەمتەرخەمن»، گوتیشـــی «ئەگەر تەماشای یاســـاکان بکەین کـــە تایبەتـــن بەپاراســـتنی مافەکانی ئافرەتان، بەشـــێکی زۆری جێبەجێکردن، یاخود دواخستنی جێبەجیکردنیـــان کەمتەرخەمییـــەکان بۆ خـــودی ئافرەت دەگەڕێتەوە، پەرلەمانتاری ئافرەتمان هەیە، نوێنەری خەڵکە کەچی دەست بۆ فرەژنی و پێشێلکارییەکانی مافی ئافرەت بەرز دەکاتەوە».

ئـــەو چالاکوانـــە جەخـــت لەوە دەکاتـــەوە کـــە «ئافرەتان لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا چەندین هەلیان لە کار و پۆســـتەکان دەستکەوتووە، کە پێشتر تەنیا لەسەر پیاوان حساب کرابوو»، نموونەش بە کۆلیژەکانی سەربازی و پۆلیس دەهێنێتەوە کە چەندین ئافرەتی بە پلەی جۆراوجۆری ســـەربازی پەروەردە کردووە، کە پێشـــتر تەنیا تایبەت بە پیاوان بووە، ئێستا هـــەردوو ڕەگـــەز دەتوانن ڕوو لـــەو ناوەندانە بکەن، گوتیشـــی «گرفتەکە لەوەدایە کە هەتا ئێســـتا هەستی بڕوا بەخۆبوون لـــە ناو ئافرەتان بەدەگمەن بەدی دەکریت، بەداخەوە ئافرەتان خۆیـــان وادەکەن کە مافیـــان بچێتە ژێر گڵـــەوە، چونکە شـــەرمنی و نەبوونی کەســـایەتیی بەهێز وادەکات ئافرەت نەتوانێت مافەکانی دەســـتبکەوێت، مافیش هەتا هەوڵی بۆ نەدەی، دەستت ناکەوێت.»

## نەریتی کۆمەڵگەی خێڵەکی بەسەر یاسادا زاڵ بووە

پارێزەر چنوور ســـالم گرفتی ســـەرەکیی دەستەبەرنەبوونی مافـــی ئافرەتان لەکۆمەڵگەدا بۆ ئـــەوە دەگەڕێنێتەوە، کە هەتا ئێستا وەك پێویست یاسا نەیتوانیوە پێگەو ڕۆڵی خۆی لە کۆمەڵگەدا دەستەبەربکات، دەشڵێت «بەداخەوە باڵادەست نەبوونی یاسا بۆتە هۆی ئەوەی کە نەریتی کۆمەڵگەیەکی خێڵەکی بەسەر هەموو بنەماکانی ژیاندا زاڵ بێت».

زۆرجـــار لـــەڕووی ئابوورییەوە نەتوانـــراوە مافی ئافرەت بپارێزرێت و ئافرەت وەك پاشـــکۆی پیاو تەماشا کراوە، وەك زانای بـــە ناوبانگی جیهانی کارل مارکـــس دەڵێت: هەتا ئابوورییەکـــی ئازادت نەبێت بیرکردنـــەوەی ئازادت نابێت، لەســـۆنگەی ئەم وتەیەوە ئابووریناس شـــوان عومەر دەڵێت «گەرچی ئافرەتی سەرمایەدار و خاوەن کۆمپانیامان هەیە و بەگوێرەی پێویستیش چەندان کچ لەبواری کەرتی تایبەت لە ســـوپەرمارکێت و مۆڵەکان و ئارایشتگاکان کاردەکەن، بەڵام هەتا ئافرەت لەڕووی ئابوورییەوە سەربەخۆ نەبێت، ناکرێ بگوترێ مافەکانی دەست کەوتووە».

بـــە بڕوای ئەو ئابووریناســـە «تاکە ڕێگـــە بۆ ئەوەی کە ئافرەتـــان بتوانن مافەکانیـــان دەســـتەبەربکەن، ئەوەیە کە حکومەت لەڕووی ئابوورییەوە گرنگی بەکەرتە جیاوازەکان بدات و دەرفەتی زیاتـــر بۆ کار و داهاتی ئافرەت بڕەخسێنێت»

**سیاسەتکردن بۆ ژن و گەیشتنی بە پلەو پایەیەکی بەرز وزەیەکی زۆری پێویستە و ڕێگەیەکی بەردەڵانە و داوای قوربانییەکی زۆر لە ژن دەکات**

**دەبێت کەمپینێکی چڕی وشیارکردنەوە دەستپێبکرێت، کە تێدا سیاسییە گەورەکان پێشەنگییەک بۆ پێناسەی خۆشەویستی و شەرەف دروست بکەن**



# ئافرەتی خاوەن ئابووری بەسەر ڕێگرییەکانی کەلتوور و کۆمەڵگەدا زاڵ دەبێت



**داهات و ئابووریی تاک لە پێداویستییەکانی بەردەوامبوونی مرۆڤە، ئەگەر لە ڕابردوودا دابینکردنی سەرچاوەی ئابووریی خێزان زیاتر لە ئەستۆی ڕەگەزی نێرینەدا بووە، لە ئێستادا تەنانەت لە کۆمەڵگە دواکەوتووەکانیشدا ئافرەتان بە ڕێژەی جیاواز خاوەن داهاتن و باری ئابووریی خێزان گەشە پێدەدەن، کەم کەسیش هەیە ئەو دەقەی فەیلەسووفی بەناوبانگ (کارڵ مارکس)ی نەبیستبێت، کە دەڵێت: «ئەوەی ئابووری سەربەخۆی نەبێت، بیرکردنەوەی سەربەخۆشی نابێت»، واتە کەسی خاوەن داهات دەتوانێت زیاتر خاوەن ئیرادەی خۆی بێت، لە هەرێمی کوردستانیش سەرەڕای بەربەست و کەموکورتییەکان بەرزبوونەوەیەکی بەرچاو لە ڕێژەی بەشداری ئافرەتان لە دابینکردنی بژیوی خێزان بەدی دەکرێت، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتە ڕاو سەرنجی خۆیان لەو بوارەدا بۆ گوڵان دەخەنەڕوو.**

### هەبوونی داهات و ئابووریی سەربەخۆی ئافرەت ئارامی و جێگیری دەروونیشی پێدەبەخشێت

خانمانی خاوەن داهات و ئابووری سەربەخۆ تا چەند پرۆسەی ژیانی هاوبەش سەرکەوتوو دەکەن؟
ئەوە پرسیارێکەو زۆر جار لە ئاستی وڵاتانی جیهاندا ئاراستەی کەسایەتییە چالاك و ئەکتیڤەکان کراوە. لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا د.چنار سەعد عەبدوڵڵا ئەندامی سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان، دەڵێت «یەکێك لە هۆکارەکانی بەردەوامبوونی زوڵم لەسەر ئافرەتان نەبوونی سەربەخۆیی ئابووری ئەو ڕەگەزەیە کە زۆرجار بۆتە هۆی ئەوەی سەربەخۆیی لەدەست بدات و بەردەوام چاوی لەدەستی پیاوەکەی، یاخود پیاوانی ناو خێزانەکەی بێت، بۆ ئەوەی سادەترین پێداویستی ڕۆژانەی بۆ دابین بکات، تەنانەت ئەگەر لە ژێر زوڵم و چەوسانەوەی پیاویشدا بێت، بۆیە بەناچاری دەبێ دان بەخۆیدا بگرێت و قبووڵی هەموو دۆخەکان بکات».
د.چنار سەعد لە ئاخافتنەکەیدا بۆ گۆڤاری گوڵان، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «ئەگەر ئافرەت بتوانێت لەڕووی ئابوورییەوە پێگەیەکی سەربەخۆی هەبێت و بنەمایەکی لەژیانی ڕۆژانەیدا هەبێت، ئەوکات دەتوانێت پێگەیەکی کۆمەڵایەتی هەبێت، گوتیشی «بێگومان کارکردنی ئافرەتان و هەبوونی داهات و ئابووری سەربەخۆ تاڕادەیەکی زۆر هۆکارە بۆ کەمکردنەوەی چەوسانەوە لەسەر ئەو ئافرەتەو بەرزکردنەوەی پێگەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت لەڕووی دەروونیشەوە ئارامی و جێگیری بە ئافرەت دەبەخشێت».

### پێویستە حکومەت پلانی ستراتیژی و درێژخایەنی بۆ سەربەخۆیی ئابووری خانمان هەبێت

د.چنار پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە «کارکردنی ئافرەت لەگشت کایە ئابوورییە جۆربەجۆرەکاندا کاریگەریی بەهێزی لەسەر بەرزکردنەوەی ئاستی ئابووری و داهاتی کۆمەڵگە دەبێت. بە پێویستیشی زانی «حکومەتی هەرێم لەپێناو بەرزکردنەوەی

پێگەی ئافرەت و سەربەخۆیی ئەو ڕەگەزە کە هۆکاری پێشکەوتنی کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی بەشێکی سەرەکی لە گرفتەکانی بەردەم مەدەنی بوونیەتی، بەرنامەی بۆ پێشخستنی لایەنی ئابووریی ئافرەتان هەببێت، گوتیشی «پێویستە حکومەتی هەرێم زۆرترین دەرفەت و ئاسانکاری بڕەخسێنێت بۆ کارکردنی ئافرەتان لە کەرتەکانی حکوومی و تایبەتدا». پێشنیاری ئەوەشی کرد کە خزمەتگوزارییەکانی داینگە و باخچەی ساوایان زیاتر بکرێت و گوتیشی «پێویستە حکومەت پلانی ستراتیژی و درێژخایەنی بۆ سەربەخۆیی ئابووریی خانمان هەبێت».

## ئابووریی سەربەخۆ باشترین ئامرازە بۆ توانا خودییەکانی مرۆڤ بەگشتی و ئافرەت بەتایبەتی

توێژەری کۆمەڵایەتی هێژا بابەکر، ڕایوایە «لەوەتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هەیە، مرۆڤەکان ڕووبەڕووی توندوتیژی جۆراوجۆر دەبنەوە، بەشی هەرە زۆری ئەو توندوتیژییانەش بەهۆی نەبوونی لایەنێکی باشی ئابووری سەربەخۆیە»، گوتیشی «ئەگەر تاك لەڕووی ئابوورییەوە سەرکەوتوو بێت، لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتیشەوە کێشەی کەمترە».

ئەو کۆمەڵناسە پێیوایە «گرفتی ئابووریی هەموو کاتێك بەرۆکی مرۆڤایەتی گرتووە، بەتایبەتی ڕەگەزی مێ بەهۆی کەلتووری پیاوسالارییەوە هەمیشە بۆتە قوربانی و توندوتیژی بەرامبەر کراوە».

گوتیشی «جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ئافرەتی خاوەنی داهات و ئافرەتی بێداهاتدا هەیە، ئەگەر ئافرەتێك خاوەنی داهاتێکی دیاریکراو بێت، لەڕووی زۆر شتەوە جیاوازە لە ئافرەتێك کەهیچ داهاتێکی نەبێت، چونکە بوونی داهاتی سەربەخۆ جۆرە کەسایەتییەکی سەربەخۆ بە مرۆڤ دەبەخشێت و دەبێتە هاوکاری ڕزگاربوون لە زۆربەی کێشەکان، هەنگاوێکی گرنگیش دەبێت بۆ ئەوەی ئەو کەسە بتوانێت ژیانێکی سەربەستی هەبێت، واتە هەم لەڕووی دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆی و هەم لەڕووی یارمەتیدانی خێزانەکەی ڕۆڵی کاریگەری دەبێت، ئەوەش توندوتیژیی ڕاستەوخۆ لەسەر ئافرەتان کەم دەکاتەوە».

ئەو توێژەرە بە پێویستی دەزانێت «ئافرەت هەوڵبدات تواناکانی خۆی برەو پێبدات و کار بۆ ئەوە بکات کە داهاتێکی سەربەخۆ بۆ خۆی دروست بکات، گوتیشی «بێگومان لایەنی ئابووری کاریگەری زۆر گرنگی لەسەر ژیانی تاك لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا هەیە، چونکە زۆربەی تاکەکان ژیانیان بە شێوازێکی ماددی دیاریکراوەو پەیوەستە بە کۆمەڵێك پرەنسیپی دیاریکراوی نێو کۆمەڵگەوە، ئەمە بێجگە لەوەی کە ئابووریی سەربەخۆ باشترین ئامرازە بۆ توانا خودییەکانی مرۆڤ بەشێوەیەکی گشتی و ئافرەت بەشێوەیەکی تایبەتی» .

## ئافرەت بەهێزترین هێزە لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەدا

نەژئەت کەریم پسپۆڕی کارگێڕییەو سەرەتا دەڵێت « ئافرەت بەهێزترین هێزە لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەدا، بەڵام بەداخەوە لە هەموو سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی ئابووری دابڕێنراوە، چونکە کەلتوور و کۆمەڵگە ڕێگری لێدەکەن».

ئەو پسپۆڕە کارگێڕییە ڕایوایە «بەهێزکردنی پێگەی ئابووری ئافرەتان بە دامەزراندنیان لەکەرتی گشتی و وەرگرتنی مووچە بەدەست نایەت، چونکە لەو کاتەدا ئەو ئافرەتە تەنیا چاوی لەوەرگرتنی مووچەکەی دەبێت و هەوڵی فێربوونی هیچ کارێکی تر نادات، گوتیشی «بەداخەوە بەشێکی زۆر لە ئافرەتان تەنیا چاویان لە دامەزراندنەو ئەوەش وایکردووە کە هیچ بیر لەوە نەکەنەوە کە خۆیان لەڕووی کارکردنەوە بەهێزبکەن». جەختی لەوەش کردەوە کە «حکومەت بەدامەزراندن و برینەوەی مووچە توانای ئافرەتان دەڕووخێنێت»، نموونەشی بەوە هێناوە کە «بەهۆی ١٥٠ هەزار دینارەکەی چاودێری خێزان بەشێکی زۆر لەئافرەتانی گوندنشین وازیان لەکارکردنی ناو کارگەو کشتوکاڵ هێناوە، گوتیشی «حکومەت بە دامەزراندنی ئافرەت لە فەرمانگەکان وادەکات کە ئافرەتان تەنیا بیر لەوە بکەنەوە ببنە مووچەخۆر و هیچ هەوڵی بەهێزکردنی خۆیان نەدەن».

## ئەو ئافرەتانەی خاوەنی سەرمایەو داهاتن ڕووبەڕووی توندوتیژی نابنەوە

ئابووریناس کەمال نامق سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «لە زۆربەی کۆمەڵگەکان ئافرەتان پێشەنگن لەبەهێزکردنی ئابووری، لە کۆمەڵگەی ئێمەش ئافرەتان ڕۆلێکی بەرچاویان لەئاستی بەرهەمهێنمان هەبووە، گوتیشی «ئەو ئافرەتانەی کە خاوەنی سەرمایەو داهاتن، بەهیچ شێوەیەك ڕووبەڕووی تووندوتیژی نابنەوە بەلام بەپێچەوانەوەو ئەو ئافرەتەی هیچ داهاتێکی نییە، هەمیشە چاو لە دەستی برا و باوك و مێردیەتی و بە ئاسانی ڕووبەڕووی هەموو توندوتیژییەك دەبێتەوە».

ئەو ئابووریناسە جەختی لەوە کردەوە کە «ئافرەت هەتا چاوی لەوەبێت حکومەت مووچەی بداتێ، ناتوانێت کەسایەتییەکی کامڵ بۆ خۆی دروست بکات»، گوتیشی «سەرەڕای گرفتە کۆمەڵایەتییەکان ئەمڕۆ سەدان ئافرەتی کورد پرۆژەی وەبەرهێنانیان هەیە و چەندین ئافرەت ئەندامی ژووری بازرگانین، ئەمە بێجگە لەوەی ڕێژەیەکی بەرچاو لەئافرەتان لە بواری سەربەخۆ و کەرتی تایبەت کاردەکەن، وەك ئەوانەی خاوەنی دایەنگە و ئارایشتگە و کارگەی دروومانن. بۆیە پێویستە ئافرەتان خۆیان هەوڵبدەن داهاتی سەربەخۆیان هەبێت».

د.چنار سەعد عەبدوڵڵا:
**یەکێک لە هۆکارەکانی بەردەوامبوونی زوڵم لەسەر ئافرەتان نەبوونی سەربەخۆیی ئابوورییە**

هێژا بابەکر:
**ئەگەر تاک لەڕووی ئابوورییەوە سەرکەوتوو بێت، لەڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتیشەوە کێشەی کەمترە**

نەژئەت کەریم:
**بەهۆی ١٥٠ هەزار دینارەکەی چاودێریی خێزان بەشێکی زۆر لەئافرەتانی گوندنشین وازیان لەکارکردنی ناو کارگەو کشتوکاڵ هێناوە**

کەمال نامق:
**سەرەڕای گرفتە کۆمەڵایەتییەکان ئەمڕۆ سەدان ئافرەتی کورد پڕۆژەی وەبەرهێنانیان هەیە و چەندین ئافرەت ئەندامی ژووری بازرگانین**



# چۆن ڕێگری لە کاڵبوونەوەی خۆشەویستی نێوان هاوسەران دەکرێ؟

**بێگومان خۆشەویستیی نێوان هاوسەران شیرازەی خێزانی پتەوتر دەکات، بەڵام زۆرجاریش باسی ئەوە دەکرێ کە بە هۆکاری جیاواز و بەتایبەتی لەدوای دروستبوونی منداڵ و پەیدابوونی چەند گرفتێکی لاوەکی، خۆشەویستی نێوان هاوسەران بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت، ئەوەش دەبێتە مایەی نیگەرانی هاوسەران و لەڕووی رۆحی و دەروونییەوە بۆشاییەکیان بۆ دروستدەکات، کە هەندێکجار بە لاڕێیاندا دەبات. لەگەڵ ئەوانەشدا ڕێکارگەلێکی زۆر هەن کە گەرەنتی بەهێزکردنی خۆشەویستیی نێوان هاوسەران دەکەن، بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان لەوبارەیەوە ڕاوسەرنجی خۆیان دەخەنەڕوو.**

### پێویستە هاوسەران لە پابەندبوون بە خۆشەویستی تێبگەن

ئەڤین هروری ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەبارەت بە هەمان پرس سەرەتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە «پرۆسەی هاوسەرگیری لەناو کۆمەڵگەی ئێمەدا هێشتا شێوەیەکی تەندروستی لەخۆ نەگرتووە»، نموونەشی بەوە هێناوە کە «زۆرجار کچ ئەو دەرفەتەی پێنادرێت بە ئارەزووی خۆی هاوسەری ژیانی خۆی دەستنیشان بکات، بەڵکو لەلایەن خێزانەکەیەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت». گوتیشی «ئەگەر هاوسەرگیری لەسەر بنەمایەکی تەندروست ئەنجام بدرێت و خۆشەویستی و لەیەکگەیشتن لەنێوانیاندا هەبێت، واتا خۆشەویستییەکە دوولایەنە بێت، ئەوا بێگومان ئەو خۆشەویستییە هەر بەردەوام دەبێت».

ئەڤین هروری ئەوەی ڕەتکردەوە کە دوای لەدایکبوونی منداڵ خۆشەویستیی هاوسەران بەرامبەر بە یەکتری کاڵ ببێتەوەو گوتی «دوو کەس دەچنە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری و دەبنە هاوسەر و هاوژینی یەکتر، لەخۆشی و ناخۆشیدا هاوبەش دەبن و دەبنە تەواوکەری یەکتری، گرنگ ئەوەیە هاوسەران لە پابەندبوون بە خۆشەویستی تێبگەن، ئەوکات بوونی منداڵ نەك ڕێژەی خۆشەویستییەکەیان بەرامبەر بە یەکتر کەم ناکات، بەڵکو بناغەی خێزان و خۆشەویستییەکەشیان قایمتر و توندوتۆڵتر دەکات».

### فشاری ئابووری لایەنی مەعنەوی و عاتفی کاڵ دەکاتەوە

هروری هێما بۆ ئەوە دەکات کە «زۆرجار ئافرەت و پیاو بە مەبەستی بەسەربردنی ژیانێکی شەرەفمەندانە هەردووکیان لەدەرەوە کاردەکەن، لەو کاتەدا پێویستە بەرنامەڕێژییەك بۆ ژیانی خۆیان دابنێن و کاتی قسەکردن و گفتوگۆکردن بهێڵنەوە، هەروەها پێویستە سەرقاڵبوون بە ژیان و ئەرکی ڕۆژانە نەکەنە هۆکارێك بۆ ئەوەی دووقۆڵی نەچنە دەرەوە، یان سەیرانێك نەکەن، چونکە ژیان هەموو ئیشکردن و ماندووبوون نییە، ئەگەرچی ژیانی ئێستا بەرەو مەدەنییەت دەچێت و پێچەوانەی جاران کە چەند برایەك پێکەوە لەماڵێکدا دەژیان، بەڵام ئێستا پێش ئەوەی ئەو دوو هاوسەرە بچنە ناو پرۆسەکە، کار بۆ ئەوە دەکەن کە چۆن جێگە و ماڵێکی سەربەخۆ بۆ حەوانەوەیان ئامادە بکەن، ئەوەش باری ئەو دوو هاوسەرە قورستر دەکات، بێگومان کاتێك بیر و هزری مرۆڤ بە لایەنی ئابوورییەوە سەرقاڵ بێت، یان فشاری ئابووری زۆر بۆ خۆی دروست بکات، ئەوکات لایەنی مەعنەوی و لایەنی عاتفی کاڵ دەبێتەوە،



## دابونەریت ڕێگر بووە لەوەی گەنج بە هونەری مامەڵە لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر ئاشنابێت

دەروونناس سامان سیوەیلی سەرۆکی سەنتەری خێزان، سەرەتا ئاماژە بەوە دەکات کە زۆرینەی گەنجان و لاوانی وڵاتی ئێمە بە هونەری مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر ئاشنا نین، سەبارەت بە هۆکارەکەشی گوتی «بەهۆی دابونەریتی کۆمەڵگەکەمان زۆربەی گەنجان بە سایکۆلۆژی و پێداویستییە رۆحییەکانی ڕەگەزی بەرامبەر ئاشنا نین، تەنانەت لەنێو پرۆگرامی خوێندنیشدا نەمانتوانیوە گەنجانی وڵاتی خۆمان پەروەردە بکەین تاوەکو بە شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر ئاشنایان بکەین».

سیوەیلی جەختی لەوە کردەوە کە «ڕەگەزی مێینە هەمیشە ئەولەوییەتی لەژیانیدا پێداویستی بە سۆز و خۆشەویستییە، بەڵام لای ڕەگەزی نێر ئەو پێداویستییە ژمارە یەك نییە، بەڵکو پاڵنەری سێکسی و غەریزەی جنسی لای ئەو بە پلەی یەکەم دێت»، گوتیشی «بەداخەوە بەشێك لەپیاوانی کۆمەڵگەی ئێمە کاتێك پێ دەنێنە قۆناغی هاوسەرگیری رەچاوی سۆز و خۆشەویستی ناکەن، لەبەرئەوەی لەم وڵاتەدا چەپاندنی سێکسی زۆرە، کوڕە سەرەتا هەندێك موجامەلات لەپێناو تێرکردنی پێداویستییە سێکسییەکانی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر دەکات، پاش ماوەیەك لە تێپەڕبوونی ژیانی هاوسەرگیری کە جۆرێك لەتێربوون ڕوودەدات، پاشەکشە لەمامەڵەکردن و موجامەلەکردن دەکات، جگە لەوەی کوڕ و کچی وڵاتی ئێمە بەر لەهاوسەرگیری ئەرکی دیکەیان لەسەر شان نییە و وەکو دوو مرۆڤی رۆمانسی دەردەکەون، بەڵام کاتێك دەچنە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری و هاتنە ئارای منداڵ، کارکردنی زۆر، ماندووبوون و شەکەت بوونی جەستە، فشاری ئابووری و دەروونی لەئەرك و بایەخدانەکانیان بەیەکتر کەمدەکەنەوە، ئەو فشارانە زۆرجار پەل دەکێشێتە ناو جێگەی نووستن، بۆ نموونە هەندێکجار ئەو جەستانەی زۆر ماندوون و ئەو بارە دەروونییانەی زۆر نائارامن، ئارەزووی سێکسیشیان کەم دەبێتەوە، ئەوەش کاریگەری دەخاتەسەر کەمبوونەوەی سۆز و خۆشەویستی، لەبەر ئەوە بەداخەوە بەشێك لەئافرەتان ئەوەندە خۆیان سەرقاڵ دەکەن بە ماڵ و منداڵ و مێوان، لە بیریان دەچێتەوە ئەرکێکی سەرەکییان فەرامۆشکردووە کە گرنگیدانە بە هاوسەر».

### کاڵبوونەوەی خۆشەویستی مەترسییەکی گەورەی بۆ هەڵوەشانەوەی خێزان هەیە

ئەو دەروونناسە ئەوەشی خستەڕوو کە ئافرەتان ئەوەندەی گرنگی بە زنجیرە دۆبلاژکراوەکان دەدەن، ئەوەندە بایەخ نەك بە هاوسەرەکانیان بەڵکو بە منداڵەکانیشیان نادەن، بەپێچەوانەوەش هەندێك لەپیاوان ئەوەندەی ئالودەبوون بە ئینتەرنێت ئەوەندە کات بۆ هاوسەر و منداڵەکانیان تەرخان ناکەن»، گوتیشی «ئەو هۆکارانە لەڕووی رۆحییەوە بۆشاییەك لای مرۆڤەکان دروست دەکات، کە هەندێکجار بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە پەنا بۆ ناپاکیی هاوسەری دەبردرێت، هەندێ کاتی هاوسەران هەیە بە هێڵی سوور دادەندرێت و ناکرێ بدرێتە کەسانی تر، یان بە کارکردن و سەرقاڵبوون بە ئامێرە تەکنەلۆژییەکان بەسەری ببەن، گرنگە هەفتانە جارێك بۆ دووجار هاوسەران دانیشتنی تایبەتیان لەسەر ژیانی تایبەتی خۆیان هەبێت، بەدەر لەوە گرنگە هەموو شەوێك و هەموو رۆژێك لەو کاتانەی کە لەکاتی کارکردنیان دەمینێتەوە، پشکی شێر لەکاتەکان بە یەکتر ببەخشن، راستە ژیان سەخت بووەو مرۆڤەکان نیازیان بەکارکردنی زیاترە، بەڵام ئەوەش بەو مانایە نایەت کە لەسەر حیسابی ژیانی خێزانی بێت، پێویست بوون بە سۆز و خۆشەویستی پەیوەست نییە بەکاتەوە و بڵێین بۆ سەرەتای ژیانی هاوسەرییە، بەڵکو تاوەکو مردن ئەو پێداویستییە رۆحی و دەروونییە بەردەوام بۆ ژیانی هاوسەری بۆ نوێ بوونەوەی خۆشەویستی نێوانیان پێویستە، چونکە کاڵبوونەوەی خۆشەویستی مەترسییەکی گەورەی هەیە بۆ هەڵوەشانەوەی خێزان، بۆ پەنابردنەبەر ناپاکی هاوسەری، بۆ تووشبوونی ئافرەتان بە نەخۆشیی دەروونی، چونکە بەشێك لەو نەخۆشییە دەروونییانەی کە ئافرەت تووشی دەبێت، هۆکاری نەبوونی سۆز و خۆشەویستی و گرنگی پێنەدانیانە لەژیانی هاوسەریدا».

### بە باوك و دایکبوونی هاوسەران بەخشینی سۆزی هاوسەری کەم دەکاتەوە

توێژەری کۆمەڵایەتی زۆزك تاهیر، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت «زۆرهۆکاری خۆکردەیی هەیە وا لە هاوسەران دەکات کە خۆشەویستییان بەرەو کاڵبوونەوە بچێت، کە زۆرجار بە هۆی نەبوونی پەروەردەیەکی خێزانی هۆشیارانەیە، چونکە سیستەم دانان بۆ منداڵ و رێکخستنی کاتەکانیان، کاتی گونجاو بۆ دایك و باوك دروست دەکات و وادەکات بتوانن زیاتر بەیەکەوە دانیشن و رازونیازیان بکۆرنەوە، جگە لەوە فشاری باری دارایی گومانی تێدا نییە کە گرفتی خێزان زیاتر دەکات».

ئەو توێژەرە ڕایوایە بە باوك و دایکبوونی هاوسەرانیش تا ڕادەیەك لە کاتەکانی بەخشینی سۆزی هاوسەرییان کەم دەکاتەوە، نموونەشی بەوە هێناوە کە کاتێك ژووری تایبەت بە منداڵ نەبوو، داهاتی باش نەبوو بۆ پەروەردەی منداڵ، یان خۆراکی باش و پێداویستی ڕۆژانەی منداڵ بە باشی دابین نەکرێ، ئەمانە وا دەکەن کە زۆربەی کات دایك و باوك بیر گرفتی منداڵەکانیان بکەنەوە، نەوەك لەوپەیوەندییەی لە نێوان خۆیان، بەڵام ئەمانەش دەکرێ چارەسەری بۆ بکرێت، ئەویش بەهۆی دانانی بەرنامەیەکی گونجاو، گۆڕینەوەی دیاری، هەستکردن بە یەکتری و یارمەتیدان لەکاروباری یەکتری، هەروەهادانانی کاتی تایبەت و تەرخانکردنی بەشێك لە کاتەکانیان بۆ راگۆڕینەوە لە نێوان خۆیان».

خۆشەویستی کۆن نابێت تاوەکو تازە بکرێتەوە

بەڵام ڕاگەیاندنکار هۆشمەند چەکوانی، ڕایوایە «خۆشەویستی ڕاستەقینە هێچ ڕێگرێك کاریگەری لەسەر دانانێت و هەرگیز ڕێژەی کەم نابێتەوە»، سەبارەت بەو هاوسەرانەش کە ڕێژەی خۆشەویستییان کەم دەبێتەوە گوتی «ئەو حەزە کەم و زۆر دەبێت، ئەوەی لە خۆشەویستی تێگەیشتبێ، دەزانێ خۆشەویستی هەرگیز ئاستی دانابەزێ، ئەو حەزانەش بەر لەبەیەك گەیشتن لە لووتکەدان و گەرموگوڕن، بەڵام دوای بەیەك گەیشتن، ئەو حەز و خواستانە لە برسیەتییەکی بێ ئەندازەوە دەگەن بە تێربوون لە کەسی بەرامبەر، بۆیە لەوکاتەدا هەست بەوە دەکرێت لە ڕووکەشدا ساردییەك هەیە، ئەو ساردییەش ئاماژەیە بۆ تێربوونی خواستە سێکسی و رۆحییەکان، هەرئەو تێربوونەشە هاوسەرەکان هەست بە وەڕەس بوون و بۆشاییەك دەکەن و دەیانەوێت بەدوای شتێکی تازەدا بگەڕێن، بەڵام خۆشەویستی کۆن نابێت تاوەکو تازەی بکەیتەوە، ئەو هاوسەرانەی لە خۆشەویستی تێگەیشتوون، بە پیری و پەککەوتەییش یان لەکاتی هاتنە پێشەوەی هەر نەخۆشی و ناخۆشییەك یەکەمین کەسن کە بەهانای یەکترەوە دەچن و لە هەموو کاتەکاندا ئەوپەڕی خۆشەویستی و پەرۆشی بەرامبەر یەکتری دەردەبڕن».

**ئەو حەزە کەم و زۆر دەبێت و ئەوەی لە خۆشەویستی تێگەیشتبێ، دەزانێ خۆشەویستی هەرگیز ئاستی دانابەزێ**

**هەندێک لە ئافرەتان ئەوەندەی گرنگی بە زنجیرە دۆبلاژکراوەکان دەدەن، ئەوەندە بایەخ نەک بە هاوسەر و منداڵەکانیشیان نادەن**

**پەروەردە نەیتوانیوە گەنجان پەروەردە بکات تاوەکو بە شێوازەکانی مامەڵەکردن لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر ئاشنا بن**

**کاڵبوونەوەی خۆشەویستی مەترسییەکی گەورەی هەیە بۆ هەڵوەشانەوەی خێزان**